محەمەد حوسێن



# درامای کوردی
# تێکستێکی بێ پەیام و خەیاڵێکی هاوردەکراو

**تەلەفزیۆن، کاریگەرترین حکایەتخوانی ئەم سەردەمە**

زنجیرە دراماکان دیارترین فۆرمی هونەری ئەو حکایەتانەن تەلەفزیۆن پێشکێشمان دەکات ، وەک ئەوەی بیەوێت شوێنی هەموو گوێ ئاگردان و کۆڕوکۆبوونەوە ئەدەبییەکان بگرێتەوە، لە هەر ساتێکی تەماشاکردنیدا شاشە زیاد لە هەستەوەرێکمان داگیر دەکات ،

بێ ئەوەی هیچ ویست و بڕیارێکی پێشوەختمان هەبێت بەشێکی زۆری کاتی بێداری و زیندووییەتیمان پێ خەرج دەکات، ئەمەیش تایبەتمەندییەکی تری ژیانی ئەم سەردەمەیە، ئەوەی کە هەندێک جار وەک «چاخی شاشە دیجیتاڵییەکان» ناودەبرێت. هاوشانی ئەو واقیعە کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگی و سیاسییەی بە بەشدارییەکانی ژیانی رۆژانەمان دروستی دەکەین، تەلەفزیۆن واقیعێکی تری گریمانکراوی بە وێنە و خەیاڵ دروستکراومان پێشکێش دەکات ، ئەم واقیعە گریمانکراوە هەندێک جار لە واقیعە ژیانییەکەی خۆمان زیاتر و کاریگەرتر بەشداری دەکات لە پێکهێنانی خەیاڵ و هۆشیاری و مێنتاڵیتی مرۆڤدا، هەر بۆیە ئەوەی ئیمان و باوەڕی ئێمە پێک دەهێنێت تەنیا ئەو حکایەت و چیرۆک و رووداو و مژدە و هەڕەشانە نییە کە لە رێگەی هەستەوەرەکانمانەوە دەیبینین و دەیبیستین، بەڵکو بەشێکی زۆری لە بەردەم ئەم شاشەیەدا رەنگرێژ دەبێت، هەمان ئەو رۆڵەی پێشتر کتێبە پیرۆز و ناپیرۆزەکان، مزگەوت و تەکێ و خانەقاکان، پەیک و دیوەخان و شەوچەرەکان دەیانگێڕا، ئێستاکە بە تەنیا ئەم شاشە پڕ ئەفسوونە دەتوانێت بیگێڕێت، هەر ئەم رۆڵە تۆتالیتارەیشە وای کردووە ئەوەی لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە نیشان دەدرێت، جگە لەو پێوەرە بابەتی و هونەری و پەروەردەییانەی خودی «بابەتە نیشاندراوەکە» بە فلتەرەکانیدا تێ دەپەڕێت، کۆمەڵێک لێپرسینەوەی کۆمەڵایەتی و فکری و سیاسی تریشمان لەگەڵیدا هەیە، چونکە ئەم بابەتانە هەر بۆ ئەوە نییە کاتی سەرگەرمکردنی بینەر خەرج بکات و دواتر بخرێتە ئەرشیفەوە، بەڵکو هاوکات ئەرکی دروستکردنی یادەوەری و ئاگایی مرۆڤی هاوچەرخیشی لە ئەستۆدایە.

**هەموو ئەو کێشانەی مرۆڤی هاوچەرخی کورد پێوە ئەتلێتەوە بە جوانی و دەوڵەمەندی لە ناو ئەم درامانەدا کاری لەسەر نەکراوە.**

## ئەوەی کە زنجیرە تەلەفزیۆنییەکان پێمان نالێت

## گفتوگۆیەکی یەکلایەنە

زنجیرە دراماکان لەو جۆرە بەرنامانەیە کە کاتێکی رێکخراوی دوورودرێژی لە بینەر دەوێت، سەرنج و تەماشایەکی هێندە ورد و هەستیاریشی دەوێت کە لە یەک کاتدا بینین وبیستن و ئاگایی و یادەوەری و هەڵچوون و پێکەنین و گریانیشی لە بینەر وەرگرتووە. هەموو ساڵێک لە مانگی رەمەزاند چەند بەرهەمێکی تازەی درامای کوردی دەبینین، دوابەدوای هەر نیشاندانێکی تەلەفزیۆنیش راستەوخۆ ئاستی نواندن و تەکنیکی دەنگ و رەنگ و دەرهێنان و مۆنتاج و لایەنە هونەرییەکانی تری ئەم بەرهەمانە دەکەونە بەر گفتوگۆ و مشتومڕی شارەزا و رەخنەگرانی بوارەکە، ئەگەرچی بڕێکی زۆری گفتوگۆکانیش بە جۆرێک نەبوون ئاسۆکانی بینین و تێگەیشتنی هونەرمەندان و بینەران فراوانتر بکەن، بەڵام لانی کەم ئەو رۆڵ و گرینگی و زیندوویەتییەی تێدا رەچاو دەکرا کە زنجیرە تەلەفزیۆنییەکان لە ژیانی فەرهەنگی و روحی مرۆڤی ئەم سەردەمەدا هەیەتی.




لە نێو ئەم گفتوگۆیانەدا ئەوەی تا ئێستا بە فەرامۆشکراوی و باسنەکراوی ماوەتەوە، باکگراوەندی فکری و سیاسی ئەم بەرهەمانەیە، ئەو پەیامەیە کە رووداو و دیالۆک و ململانێ و گرفتە ژیانێکانی کارەکتەرەکان دەخوازن بیگەیەنن، نەورووژاندنی ساویلکەیی و بێ پەیامی و سادەلەوحی بیرۆکە و سیناریۆی بەشێکی زۆری ئەم زنجیرانەیە، نەخستنەڕووی ئەو کێشە جەوهەرییانەیە کە وای کردووە هیچ درامایەکی کوردی بەقەدەر "لەمیس و یەحیا" بینەری

کورد خۆی تێدا نەبینێتەوە. کەواتە هێشتا ئەو پرسیارە لە درامای کوردی نەکراوە : بۆچی بە تێپەڕینی زنجیرەکانی ناتوانێت پرسیاری جدی لای بینەر دروست بکات؟ ڕووداوێک ناخاتەڕوو بینەری کورد سەرسوڕمان و دڵەڕاوکێ و نیگەرانیی و نائومێدییەکانی خۆی تێدا بدۆزێتەوە؟ وەک ئەوەی چیرۆک و سیناریۆکانیان بۆ بینەرانێکی بێ یادەوەری و بێ خەم ئامادە کرابێت، هەموو ئەو کێشانەی مرۆڤی هاوچەرخی کورد پێوە ئەتلێتەوە  بە جوانی و دەوڵەمەندی لە ناو ئەم درامانەدا  کاری لەسەر نەکراوە.

هەندێک لەم زنجیرانە «ئەوانەی بە درامای مێژوویی ناو دەبرێت» سەرقاڵی مەزنکردنەوە و جوان نیشان دانەوەی رابردوون، بە شێوەیەکی  کاریکاتۆربیانە و سادەلەوحانە مێژویەکی پرشنگداری یەکلایەنەی حزب و شۆڕشێکی دیاریکراومان نیشان دەدەنەوە  . هەندێکی تریان خوێنساردانە و بە سیناریۆی لاواز و بیرۆکەی نەزۆکەوە کێشە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی کوردی نیشان دەدەن، یاخۆ چیرۆکی خۆشەویستی و ئەو تەنگوچەڵەمانەی ئەشێت بابەتێکی وەها لە کۆمەڵگەی کوردیدا دروستی بکات. هەڵبەتە بەشێکی زۆری  ئەم گرفتانە دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی میدیایی کەناڵەکان، وەڵامی هەندێک لەم  پرسیارانەیش بە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان دەدرێتەوە، نەک ئەو هونەرمەندانەی لە بەردەم بەڵێ و نەخێری  کاربەدەستانی ئەم کەناڵانەدا درامای کوردیمان بۆ دروست دەکەن ، هەر بۆیە  تا رادەیەکی زۆر  بابەت و کێشە و ڕووداوەکانی ناو دراما کوردییەکان رەنگدانەوەی سیاسەتی حزبی و ئایدۆلۆجی ئەو کەناڵە تەلەفزیۆنیانەیە کە تێچووی بەرهەمەکەی لە ئەستۆ گرتووە، وێنەی ڕووداو و کێشەکانیشی  بەو جۆرە نیشان دراوە کە



سیاسەتی کەناڵەکە خواستویەتی، تەنانەت دیالۆک و دیدگای کارەکتەرەکان و رۆڵیان لە ناو دراماکەدا هاوتەبای هەمان سیاسەتە. رەنگە تا ئێرە ئاسایی بێت، چونکە هەموومان دەزانین کاری دراما چەندە تێچووی زۆرە، هەر دەزگا و کەناڵێکیش ئەم تێچووە دابین بکات لانی کەم نایەوێت درامایەکی بۆ بەرهەم بهێنن کە مایەی بێزارکردنی بێت، بەڵام ئەوەی ئاسایی نییە و مەبەستی قسەلەسەرکردنی ئەم نووسینەیشە، ئاستی پابەندبوونی ئەم بەرهەمانەیە بە سیاسەت و مەبەستی تەسک و زۆر بچووکی ئەم کەناڵانەوە، هەر ئەم پابەندییە توندەیشە بووەتە هۆی بێ گیانی و خوێنساردی ئەم درامانە لە ئاستی نیشاندانی ئەو کێشە هەستیارانەی مرۆڤی هاوچەرخی کوردی هەراسان کردووە. بۆ نموونە کێشەیەکی وەک ئاوارەیی و دەربەدەری "خەڵکی کوردستان"، یان کارەساتی لە وڵات بەدەرنانی کوردە فەیلییەکان ، شاڵاوەکانی ئەنفال... و دەیان کێشەی تری هاوشێوە تا ئێستا نەکراونەتە بابەتی زنجیرە درامایەک، لە هەمووی سەیرتر کەرکووکە، ئەم شارە نزیکەی نیو سەدەیە وەک گرێکوێرەی کێشەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی نیشان دەدرێت ، هەمیشە گوتاری هێزە سیاسییەکان ئەوەبووە کە گرینگی کەرکووک لەبەر سامانە سروشتییەکەی نییە، ئەوەندەی لە هەبوونی کەرکووک خۆیدایە وەک شارێکی کوردستانی، کەچی درامای کوردی تا ئێستا بیری لەوە نەکردووەتەوە ژیانی ئاوارەیەکی ئەم شارە، نەهامەتی گەڕەکێکی وێران و فەرامۆشکراوی، ناکامی عەشقێکی تیرۆرکراوی بکەنە بابەتی درامایەک، لە کاتێکدا لانی کەم چل ساڵە خەڵکی کەرکووک قوربانی کێشە سیاسی و نیشتمانییەکانی ئەم بەشەی کوردستانن. بە دڵنیاییەوە تەنیا دنیابینی و سیاسەتی بچووک و کورتبینانەی

**هەمیشە گوتاری هێزە سیاسییەکان ئەوەبووە کە گرینگی کەرکووک لەبەر سامانە سروشتییەکەی نییە**

**کۆمیدیایەکیش نییە شتێکی مانادار بە بینەر بڵێت و نرخ و بەهای هونەری تێدا رەچاو کرابێت**

کەناڵەکانیش تەفسیری ئەم خوێنساردی و بێ دەربەستییشەمان بۆ دەکات، ئەگینا هەرگیز ناتوانین تێ بگەین لەوەی بۆچی مێژوو و خەباتی حزبێکی دیاریکراو ئەکرێتە بابەتی دوو زنجیرە دراما "گەردەلوول وەک نموونەیەک"، کەچی خەبات و قوربانیدانی نیو سەدەی کەرکووک و گەرمیانییەکان ناهێنرێتە سەر شاشە.

با بگەڕێینەوە بۆ لای ئەو کێشە کۆمەڵایەتی و ئابووری و جێندەری و... هتد کە دەشێت بە کێشەی رۆژ ناودێری بکەین، چونکە لە ساڵانی رابردوودا چەند بەرهەمێکمان دەبینی بەشێوەیەکی کۆمیدی دەیویست هەندێک گرفت و ئاریشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی نیشان بدات، وەک نموونەی "فەنتەڵۆز"، لە راستیدا ئەم بەرهەمانەیش ئەوەندەی بۆ وروژاندنی پێکەنینێکی ختوکە ئاسای بازاڕی و نزم بوو، دراما نەبوو پڕ بە مانای وشەکە، هاوکات کۆمیدیایەکیش نییە شتێکی مانادار بە بینەر بڵێت و نرخ و بەهای هونەری تێدا رەچاو کرابێت، ئەوەی فەنتەڵۆس و



بەرهەمەکانی هاوشێوەی، نیشانی دەدان رستێک جنێوی بازاڕی و قسەی بێ سەروبەری سەر جادە بوو کە لە رووی پەروەردەییەوە زۆر هەڵە و زیانباریشە لە تەلەفزیۆنەوە نیشان بدرێت. نموونەیەکی تر زنجیرە درامای "ئارەزوو"ە، کە نە لە چوارچێوەی درامای مێژووییدا و نە لە کۆمەڵایەتیشدا پۆلێن ناکرێت ، ئەم زنجیرە بە جۆرێک رووداوەکانی کۆمەڵگەی جووتیاری کوردی نیشان دەداین ناکۆک بوو بە هەموو رێسا و یاساکانی سروشتی ژیانی جووتیارانە ، «بۆ نموونە، ئاغا و دەرەبەگەکانی کردبووە پەپوولە و خەڵکە هەژار و عاشقەکەیشی کردبووە سەرچاوەی هەرچی شەڕ و نەهامەتی هەیە»، دیارە ئەگەر زنجیرەی ئارەزوو بەراورد بکەین بە زنجیرەی ژاڵە کە لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو بەرهەم هێنرا، هەموومان دەزانین تووشی چ پارادۆکسێک دەبین .. بە هەرحاڵ لە درامای

کۆمەڵایەتیدا جگە لە هەوڵەکانی خوالێخۆشبوو "حوسێن میسری" هەموو زنجیرە تەلەفزیۆنییەکان تا رادایەکی زۆر بێ پەیام و بێ پرسیار بوون، بیرۆکە و خەیاڵ و رووداوەکانی هەندێکیان وەک ئەوە وایە لە وڵاتێکی ترەوە هاوردە کرابێت، تەواو دوورن لە کێشەکانی مرۆڤی ئەم سەردەمەی کوردستانەوە «زنجیرەی درامای پرس، وەک نموونەیەک».

## بۆشاییەکانی درامای کوردی



ئەو بۆشاییانەی درامای کوردی دروستی دەکات زۆر بە خێرایی لەلایەن زنجیرە تەلەفزیۆنییە بیانییەکانەوە پڕ دەکرێتەوە، لەبەرئەوەی بینەر ناچار نییە ئەو کاتەی بۆ تەماشاکردن هەیەتی بە درامایەکەوە سەرفی بکات نەچێژی پێ دەبەخشێت و نە پرسیارێکیشی لا دروست دەکات.. ئیتر ئەو بینەرانەی توانای تێگەیشتنی زمانێکی تریان هەیە دەچن بۆ لای زنجیرە عەرەبی و فارسی و تورکی و... کانی تر، ئەوانەیشیان هەر تەنیا کوردی دەزانن لەسەر ئەو زنجیرە فارسی و عەرەبی و بیانییانە دەگیرسێنەوە کە کراونەتە کوردی.. بەتایبەتی زنجیرە فارسی و تورکییەکان کە زۆر بەخێرایی توانییان سەرنجی بینەرانی کورد رابکێشت. لێرەوە ئیتر تووشی سەرسوڕمان و شۆکی ئەو خواست و داوا زۆرە دەبین کە بینەرانی کورد بۆ دراما تورکی و بیانییەکان هەیانە، لە بەرامبەر تێپەڕینی دراما کوردییەکانیش بەبێ کاریگەری و بێ ئەوەی هیچ شوێنەوارێک جێ بهێڵێت.

بۆ گفتوگۆکردنی ئەم کێشەیە لەپێشدا پێویستە لە تایبەتمەندییەکانی بینەری کوردی

بڕوانین و تێی بگەین، هەمو کۆمەڵگەیەک لە ئەنجامی کۆی گشتی کارکردنی کایە ئابووری و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکانی، جۆرە بینەرێکی دروست کردووە کە خاوەن خواست و تایبەتمەندی و ویستی جیاوازن لە کۆمەڵگەیەکی تر، کاتێک دەبینین زنجیرە تورکییەکان زۆر زیاتر لە زنجیرەکانی کوردسات و کوردستان TV و زاگرۆس و... هتد، کار لە بینەری کوردی دەکەن، ئەوا دەبێت هەست بەو راستییانە بکەین کە ئەم زنجیرە بیانییانە سەرەڕای نامۆیی و نالەباریشیان بە کۆمەڵگەی ئێمە، هێشتا کۆمەڵێک شت بە بینەری کوردی دەبەخشن کە لای دراما کوردییەکان دەست ناکەوێت، "لەمیس و یەحیا و نور و... "هەندێک ئازار و نائومێدی و گرێی چەپێنراوی خۆمانمان بۆ بەرجەستە دەکەنەوە کە ئەکتەرە کوردەکان هەرگیز ئەو ئازادییەیان نییە بە رۆڵێکی لەم شێوەیە هەستن. بەو جۆرەی ئەم زنجیرە بیانییانە توانای تێرکردنی پێداویستییە سۆزدارییەکانی مرۆڤی کوردیان هەیە دراماکانی خۆمان ناتوانێت. ناکرێت بینەری کورد نیو سەدەی تر چاوەڕێ بکات تا کۆمەڵگەی کوردی هەندێک نواندنی تایبەتی لە ئەکتەرە کچەکانی قبووڵ بکات، ئەمرۆ سەتەلایت بینەری سەرپشک کردووە لە ناو سەدان زنجیرەدا یەکێکیان هەڵبژێرێت، ئایا درامای کوردی لە کوێی ئەم رکەبەرییەدایە، بە چی و چۆن دەتوانێت بینەرەکانی خۆی راگیر بکات. کە بە راستی کاتی ئەوە هاتووە ئەو کەناڵ و دەزگا و هونەرمەندانەی سەرقاڵی دروستکردنی درامای کوردین پرسیارێکی وەها لەخۆیان بکەن .

